# ناوه جوانه كانى خواى گه وره

**((وللہ الاسماء الحسنى فادعوه بها وذروا الذين يلحدون في اسمائه سيجزون ما كانوا يعملون))**

**واته: بۆ خواى گەورەیە جوانترینى ناوەکان جا بەوانە بانگى بکەن و واز لەوانە بهێنن کە لەڕ استێتى ناوەکانى لادەدەن و هاوبەشى بۆ پەیدا دەکەن و ناوى ترى لێ دادەتاشن بەسزاى کردەوەى خۆیان دەکەن.**

**وه پێغەمبەر دەفەرموێت: (( ان تسع و تسعين اسما من احصاها دخل الجنة)) .**

**واته: خواى گەوره نەوەدو نۆ ناوى هەیە هەرکەسێ لە بەرى بکات و ماناکەى بزانێت وبڕواى پێ هەبێ وە خۆى بە ماناکەى برازێنێتەوە دەچێتە بەهەشتەوە.**

**بەڵام زانایان دەفەرموون خواى گەوره هەر ئەم نەوەدو نۆ ناوەى نى یەو بەس بەڵکو زیاد لە(150) ناویان هێناوە لە قورئان و سوننەتدا .**

**نه وه دو نۆ له ناوه جوانه كانى خواى گه وره**

**اللہ: ناوى تاك و پیرۆزى خوایە کۆکەرەوەى نا و سیفەتکتنى یەتى واتە پەرستراوى حەق.**
**الاخر: دوایەمین.پاش هەموو شت دەمێنێ.**
**الظاهر: دیار.ئاشکرا.دەسەڵات دار بەزانستى بەسەر هەموو شتێکدا.**
**الباطن: پەنهان و زانا بە پەنهانەکان. دیارە بە هۆى درووستکراوەکانى یەوە.**
**العلى: بەرزى بە دەسەڵات**
**الاعلى: بڵند.بڵند بووەتەوە لەسەر عەرشەکەى.**
**المتعال: زۆر بەرز خۆ بەرز گر لەسەر عەرش**
**العظيم: موزنایەتى بێ کۆتا .وە لە هەموو گەورەیەك گەورە تر.**
**المجيد: پایە بەرز رێزدار.**
**الكبير: گەورەى بێ کۆتا لە گەورەیى دا.**
**السميع: بیسەرى بێ سنوور بە هەموو شتێك**
**البصير: بینەرى بێ سنوور بە ئاشکراو پەنهان.**
**العليم: زانا بە هەموو دروست کراوان و نهێنى یەکانیان.**
**الخبير: شارەزا بە وورده کارى شتەکان و ئەوەى بووەو نەبووە و ئەبێ ونابێ.**
**الحميد: سوپاس کراو.شایستەى ستایش.**
**العزيز: زاڵ.دەسەڵات دار.**
**القدير: بە تواناى بێ سنوور.**
**القادر: توانادارى بێ کۆتا و بێ سەرەتا.**
**المقتدر: خاوەن سەرچاوەى توانا وەبەتوانایە بە چاك کردنى دروست کراوەکانى.**
**القوى: بەتوانا بەسەر هەموو توانایەك دا.**
**المتين: بەهێزى بێ نیاز بە هاووتا**
**الغنى: دەوڵەمەندى بێ پێویستى**
**الحكيم: کار بەجێ لێزان**
**الحليم : هێدى.ئارام و پاش خەرى سزاى رۆزى دەرى سەرپێچى کەر**
**العفو: لێ بووردە لە گوناە**
**الغفور: لێ خۆش بوو.گوناە پۆش**
**الغفار: لێ خۆش بوى تەنیاوپۆشەرى عەیبە**
**التواب: تەوبە وەرگر و لێ خۆش بوو**
**الرقيب:چاودێر بە بەندەکانى و بە ئاگا بە کار و کردەوەیان**

**الشهيد**: ئاگادار هیچی لێ وون نابێ
**الحفیظ**: پارێزەری بەندەکانی یەتی
**اللطیف**: چاکە کەری پەنهان.ووردبین.نەرم و چاکە کەر لەگەڵ دروست کراوان
**القریب**: نزیك (بەنواناو زانستی)
**المجیب**: وەڵامگۆ.وەڵامی پارانەوە دەداتەوە بە بەخشین
**الودود**: خۆش ویستراو لە دڵی دۆستەکانی دا
**الشاکر**: سوپاسی کردەوەی کەم دەکات و لە گوناهی زۆر خۆش دەبێ
**الشکور**: سوپاس گوزاری سوپاس کەری بەندەکانی بە لێخۆشبوونیان
**السید**: سەروەرو گەورە.خاوەنی هەموو شتە
**الصمد**: جێ ی مەبەست و جێ ی نیازە.وەپێویستی بە کەس نی یە
**القاهر**: بەتواناو دەسەڵاتدار بەسەر هەمووشتێکدا
**القهار**: گەردن کەچکەر بە توانای خۆی
**الجبار**: بەدەسەڵاتی ناچارکەر
**الحسیب**: لێپرسەرەوەو جێ ی راز بۆ بەندەکان وبۆیان بەسە
**الهادی**:رێ پیشاندەر,رێنمویی کەر
**الحکم**: فەرمان رەوا.حوکم ران لە نێوان هەق و بەتاڵ
**القدوس**: پاك و بێ گەرد لە هەموو عەیب و ناتەواوی یەك کە بە ئەقڵ دا دێت و نایەت
**السلام**: بێ عەیب.وەبلاَوکەرەوەی ئاشتی
**البر**: چاکەکەر لەگەڵ دروستکراوەکانی دا
**الوهاب**: زۆر بەخشەر
**الرحمن**: بەبەزەیی.بەزەیەکەی هەموو شتێکی گرتۆتەوە
**الرحیم**: بەخشندە.تایبەت بە ئیمانداران لەرۆژی دوایی دا
**الکریم**: بەرێز رێزگر
**الاکرم**:رێزگری دۆشت و هەڵبژاردراوەکانیتی و بەخشەرە بە بێ
**الرؤف**: میهرەبان بەرانبەر بە گوناهباران
**الفتاح**: دەرووکەرەوەو ئاسانکەر
**الرازق**:رۆزی دەری هەموو زیندەوەر
**الرزاق**: سەرچاوەیرۆزی دان
**الحی**: زیندووی بێ سەرەتا و کۆتای
**القیوم**: مشوورگێرو هەڵسورێنەری کارو کرداری بێ حەوجێ بکەس
**الرب**: پەروەدگار.دروستکەر و ژینەر و مرێنەر و هەڵسورێنەری کار و بونەوەر
**الملك**: سەرۆك .پادشا
**الملیك**: موڵك بەدەستی دروست کراوەکان
**الواحد**: یەك و تەنیایە. تەنیایە لە ژات و سیفەت و کردار و کوڵکی دا
**الاحد**: تاك. تەنیای بێ حەوجێ بە کەس
**المتکبر**: خۆبەگەورەزان.گەورە لە سیفاتی دروست کراوان و تەنیا لە گەورەیی دا
**الخالق**: دروست کەر.لە نەبوونەوە
**الخلاق**: بەدی هێنەری کار بەجێ
**الباریء**: بەدی هێنەری جوانکار
**المصور**: وێنە کێش.وێنەکێشەری هەموو دروست کراوان هەریەکەو لەسەر شێوەیەك
**المؤمن**: دڵنیاکەری دۆستەکانی لە سزا.بەراست دانەری بەڵێنەکەی بۆ بەندەکانی
**المهیمن**: زاڵ و بەسەر راگەیشتوو چاودێری پارێزەر
**المحیط** : دەوری هەموو شتێکی داوە بە زانست و تواناو بەزەیی خۆی
**المقیت**: بژێوگەێن.دەسەڵاتدار

**الوكيل**: كار پێ سپێردراو.پشت و پەنا
**الكافي**: بەس.بۆ بەندەكانی بەسە ئەگەر بیكەنە پشت و پەنا
**الواسع**: فراوان ڕۆزی دانی هەموو دروست كراوەانی گرتووەتەوەو بەزەیی یەكەی هەموو شتێكی داپۆشیوە
**الحق**: پایەدارڕاست و ڕەوا.هەق
**الجمیل**: جوانی بێ سنوور لە ژات و سیفات دا
**الرفیق**:نەرم و لەسەر خۆ و پێویستی ئاسان دەكات كە بەبێ ئەو
**الحیی**: بەشەرم بەجۆرێك هاوتایی نی یەو لە هیچ شتێك ناچێ
**الستیر**: داپۆشەری عەیب و گوناە
**الالە**: قەرستراوی هەق
**القابض**:ڕۆزی لێ گرەوە.وێك هێنەر
**الباسط**:ڕۆزی بۆ فراوانكەر.لەدوودەر
**المعطي**: بەخشەر.هەموو شتێكی چاكی بەخشیوەو داویەتی
**المقدم**: پێشخەری دانەر لە شوێنی خۆی دا و پێشخەری سزا بۆ كەسێك شایستە بێت
**المؤخر**: دواخەری دانەر لە شوێنی خۆی دا و دواخەری سزا بۆ كەسێك شایستە بێت
**المبین**:ڕۆشن كەرەوە.رون كەرەوەی زاتی خۆی كە بێ هاوەڵە
**المنان**: خاوەنی مینەت و فەزڵ و نیعمەتەكانەوە شایستەی منەت كردنە
**الولي**: دۆست.سەرخەری گوێ رایەڵی كەرانی
**المولی**: پشت و پەنا وسەرپەرشتی كەری ئیمانداران
**النصیر**: سەرخەری برشوادارا‌ن
**الشافي**: شیفادەری دەردەكان تەنها ئەوە
**مالك الملك**: خاوەنی موڵك .چۆن بیەوێ دەیگۆرێ
**جامع الناس**: كۆكەرەوەی خەڵكی لە قیاموت دا
**نور السموات والارض** : نورورۆشن وڕووناكی ئاسمانەكان و زەوی
**ذوالجلال والاكرام** : خاوەنی پایەی بەوزورێز.خاوەنی دەسەڵات و بەخشندە
**بدیع السموات والارض**: داهێنەری ئاسمانەكان و زەوی

**ناوە گە ورە كە ی خوای گە ورە**
**اسم الله الأعضم**
**1- ((اللهم اني اسألك بان لك الحمد لا اله الا انت وحدك لا شريك لك المنان يا بديع السموات والارض ياذا الجلال والاكرام يا حي يا قيوم اني اسألك الجنة و اعوذ بك من النار)) .**
**واتە**:خوایە من داوات لێ دەكەم بەوەی كە سوپاس و ستایش هەر بۆ تۆیە هیچ پەرستراوێك نی یە بە هەق جگە لە تۆ تەنهای بێ هاوەڵی خاوەنی فەزڵ ومنەتی ئەی بەدیهێنەری ئاسمانەكان و زەوی ئەی خاوەن پایەی بەرز و بەرێز ئەی زیندووی‌مشووگێر من داوای بەهەشتت لێ دەكەم و پەنات پێ دەگرم لە ئاگر.
**2- ((اللهم اني اسألك باني اشهد انك انت الله لا اله الا انت الاحد الصمد الذي لم يلد ولم يولد ولم يكن له كفوا احد)) .**
**واتە**:خوایە من داوات لێ دەكەم بەوەی كە من شایەتی دەدەم كە تۆ ئەو خوایەیت هیچ پەرستراویك نی یە بە هەق جگە لە تۆ تەنیای جێ ی مەبەستی ئەو خوایەی كە كەست لێ نەبوەو لە كەس نەبوویت و كەس هاوشێوەی نی یە.
**3- [ ((ربي اغفر لي و تب علي انك انت التواب الغفور)) ] .**
**واتە**:پەروەردگار لێم خۆش ببەو تۆبەم لێ وەرگرە بەراستی هەر تۆ تەوبە وەرگری لێ بووردەی.

**[ ئامادە كردنی بۆ ڕێگای ڕاستی خوشكە پە یام ]**